# فێرگەی فرانکفۆرت ...
# تیۆری رەخنەگرانەی کۆمەڵایەتی




بەهزاد حەوێزی
b_hawezy@yahoo.com



ئاشکرایە بینای فیکریی وکۆمەڵایەتی لە ئەڵمانیا لە بنەوان وماکەکانییەوەورواڵەت و ناوەرۆکیا بینایەکی فەلسەفییە، هەموو ئەو تیۆرەکۆمەڵایەتی وئابوورییانەی ئەوسا وئێستاش مۆرکێکی فەلسەفیان پێوەیە یا ئەوەتا فەلسەفەی کۆمەڵایەتین، لێرەوە دەبینین تیۆری رەخنەگرانە لەلایەك پەیوەستە بە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی، کە خۆی لە ساموئیل کانت دەنواند، فەلسەفەی ئایدیالیستی – ئۆبگێکتیف (objective) بابەتییانە، کە هیگل سەرتۆپی بوو، هەروەها فەلسەفەی مێژووماتریالیزمی دیالەکتیك .

تیۆری رەخنەگرانە (*)و جەمسەرەکانی لەوێنەی هربەرت مارکۆزەوئەریك فرۆم وهۆرکهایەر وئەدۆرنۆ لە سییەکان وچلەکاندا برەوورەواجێکی زۆریان هەبوو، کە تاکو کۆتایی شەستەکان وحەفتاکان، ئینجا زۆربەی کاروبەرهەمەکانی مارکۆزە لەهەردوو زمانی فەرەنسی وئینگلیزی وەرگێردرانە سەر زمانی عارەبی وەکو (ئەقڵ وشۆرش)(فەلسەفەی نەفیکردن)(رەهەندی ئیستاتیکایی) هەروەها کتێبە بەشۆرەتەکەی ( ئادەمیزادی تاکرەهەند)وچەندین کتێبی دیکە، ئەریك فرۆمیش – دەروونشیکاری ناسراوی مارکسی - بەهەمان شێوە، کەچی ئەدۆرنۆ تارادەیەك لەو رووەوە ون بوو .

کاریگەری پێشەنگەکانی فێرگەی فرانکفۆرت ئەوانەی ناچاربوون لەدەست چنگی نازیزم (1934- 1950) بەرەو ئەمریکا کۆچ بکەن رۆڵێکی بنەرەتی هەبوو لەوەی پەیوەستە بە تیۆری رەخنەگرانە کە (داکۆکیکردنی ئەقلانی لە بەهاودەسکەوتەکانی سەردەمی رۆشنگەریی ورزگارکردنی خودی ئادەمی زاد لە دەمارگیریی نەتەوەیی وتوندرۆیی ودەمارگیریی) بە ئامانجێکی سەرەکی فەلسەفەی مولتەزیم دادەنێ .

لە پێناو فامکردنی چاکتری بنەماگەوهەرییەکانی تیۆری رەخنەگرانەی فێرگەی فرانکفۆرت دەبێت ئەو باکگراوەندە فیکریی وفەلسەفییەی لەسەری هەڵنراوە بکەوێتەبەردیدەوهزر، بەحوکمی پەیوەندی بەبیری سەردەمی رووناکبیریی وفەلسەفەی - مەوزوعیی – ئەڵمانی و ئەو هەڵوێستەفیکرییانەی هیگلەلاوەکان پێی پابەندبوون لە وەرگرتنی هەڵوێستێکی دیاریکراو لەئاست سیستەمی مەحکەمی فەلسەفی لەمەڕ ئایدیالیستی هیگل ومیتۆدە دیالەکتیکییەکەی .

هۆرکهایمەر لەسەروبەندی دامەزراندنی پەیمانگەی تۆژینەوەی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی گۆتە لەفرانکفۆرت دەڵێ ( ئیدی بایەخ وگرنگیدان و قەناعەتەکان یەکیان گرت بۆ بیناکردنی تیۆرێکی رەخنەگرانەی کۆمەڵگە، چونکە بینیان پێویستە گوزارشت لەهەرچی سلبییە بکرێ .. وئەوەی

بەیەکەوەیان گرێدەدات ئەو رێککەوتنەیانە لەمەڕ رەخنەگرتنیان لەوکۆمەڵگەیەی هەیەوئایدیۆلۆجییەکەی ... ) .

لەساڵی 1930 دا هۆرکهایمەر بوو بە سەرۆکی پەیمانگەو تیۆدۆرئەدۆرنۆش وەك ئوستازی یاریدەدەر دامەزرا، بە هاریکاری ولەسەردەستی هەردووکیان ناوی تیۆری رەخنەگرانە سەریهەڵداوپەرەی ستاندولەرووی کۆمەڵناسیی رەخنەگرانەش بە فێرگەی فرانکفۆرتە وەگرێدرا، نەخاسمەدوای ئەوەی هۆرکهایمەر رەخنەی لە (مەرکەزیەتی بۆلشەڤی) گرت ودژی تیرۆرکردنی رۆزالۆکسمبۆرگ وەستاوگۆڤاری (تۆژینەوەی کۆمەڵایەتی) دەرکرد .

ئەدۆرنۆ (بنەماکانی کۆمەڵناسی میوسیکی) نووسی، ئەریك فرۆمیش (مارکسیزم وشیکردنەوەی دەروونی) لۆفێنتال (ئەرکەکانی کۆمەڵناسی ئەدەب) بەوجۆرە بەرگی یەکەمی گۆڤاری (تۆژینەوەی کۆمەڵایەتی) رەنگپێدەری قۆناغێکی نوێی کۆمەڵناسی ئەڵمانی بوو، ئاراستەیەکی جیا بوو رووەو گرنگیدان بە رەخنەوشیکردنەوەی سۆسیۆلۆجی ودەروونی وفەلسەڤی .

لەساڵی 1932 هربرت مارکۆزە پەیوەندی بەپەیمانگەکەکرد یاریدەی بزواندنی جموجووڵی زانستی وسیاسی لە پەیمانگە دا، دوای ئەویش کارل مانهایم وریۆرگن وهابرماس وئەریك فرۆم وهیدیکە .

لە بیستەکاندا کاتێك پەیمانگەی تۆژینەوەوکۆمەڵایەتیەکان لە فرانکفۆرت دامەزرا، سۆسیالیزم لە ئەڵمانیادا شکستی هێنابوو، لەدەیەی دوایی سیەکان وچلەکاندا چینی کرێکاریخۆرئاوا دووربوو لەگۆڕانکاریی لە کۆمەڵگەسەرمایەدارەکانیدا و رووەوراستڕۆیی هەنگاودەنێ، هەڵبەت بزووتنەوەی نازیزم پەرەی ستاند وهەڵبوو و کوژایەوە، لە یەکیەتی سۆڤیەتیش دەوڵەتی تۆتالیتاری دەستی بەسەر هەمووبوارەکانی ژیان داگرت، لە خۆرئاواشدا دەوڵەت رووی کردە پتەوکردنی خۆی وەك دەوڵەتێکی مۆنۆپۆلی سەرمایەداری نیمچەکۆنترۆڵێکی کۆمەڵگەی دەکرد، لەو کەش وبارووەرچەرخانەدا تیۆری رەخنەگرانە لە کەشێکی گەشبینی بە ئایندەی مرۆڤ بەپێی باکگراوەندی فیکری هیگلیی مارکسی وەرچەرخا بۆ کەشێکی زێدەبەدبینیانە لەرووی توانستی گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگەسەرمایەدارەخۆرئاواییەکاندا .

لەتاراوگەدا تیۆری رەخنەگرانە پەرەی گرت بۆ فەلسەفەی مێژوووکۆمەڵگە، هەروەك سەردەمی رووناکبیریی، هزری سلبی رەخنەگرانە جارێکی دیکە بە فەلسەفەوە دەلکێت، کە خۆی تەنیادەکات لەهەر بانگەشەیەکی دەسەڵاتگەرایی یا تۆباویی، گەر ئەمەش نەکرێ ئەوە دەبێ بۆخێر بێ، گەرچی بابەتی تیۆری رەخنەگرانە خێر نییە، بەلکە کلۆڵیی وشەڕە، چونکە ئەو گریمانەیە دەخاتەڕوو دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ژیان لە فۆرمی تایبەت، کرۆکەکەی ئازادی وبابەتەکەیشی ستەمکارییە .

هۆرکهایمەر دەڵێت (پێویستە لایەنانیخێر بخینەڕوو، خۆشەویستی جاڕبدەین وەك پرەنسیپێك لە ژیاندا، لەبری تفتوتاڵی بێکۆتایی، لەواقیعدا تەنیا یەك گوزارە بۆ هەقیقەت هەیە: ئەویش بڵێم (( نا بۆ ستەمکاریی)) ).

لەراستیدا کۆچی هۆرکهایمەر بۆ ئەمریکاوشارەزایی وئەزموونی قووڵی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەمریکایی لەلایەك وئەوگومانەی هەیبوو لەمەڕ ستالینیزم وچینی کرێکار لەلایەکی دیکەوە بەقووڵی کاریان تێکرد، بەمەش روویکردە دەروونشیکاری بۆ فامکردنێکی قووڵتری کۆمەڵگەوشارستانێتی، ئیدی لەوکاتەوە دەروونشیکاری بوو بە بەشێك لە لالێکردنەوەی تیۆری رەخنەگرانە، هەرلەوکاتەشدا فرۆم هەرەگرنگترین کارەکانی لەرووی دەروونناسی ودەروونشیکاری خستەڕوو .

بیرمەندانی تیۆری رەخنەگرانەی کۆمەڵایەتی پێیان وابوو بینینی مارکس لەمەڕ سەرمایەداریی گوایە تۆوی لەناوبردنی خۆی هەڵگرتووە لە ئاکامی ناسازیی نێوان هێزی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان، ئیدی لەبارنییە، ئەو پەرەسەندنانەی هاتنەئاراوە سەلماندی سەرمایەداری توانای خۆگونجانی هەیە لەگەڵ واقیعدا، بەهۆیەوەش بەردەوامیی بۆماوەیەکی زۆر دەستەبەردەکات، بەمەش ململانەی چینایەتی نێوان بۆرژواوپرۆلیتاریا دەڕەوێتەوە، چونکە هەردوو چینەکە خراونەتەخزمەت خودی سیستەمی سەرمایەداری، بەمەش خەم وخواستی گروپ وتاکەکان پێشبڕکێیە بۆ لکان بە سیستەمەکەی بەمەبەستی بەدیهاتنی بووژانەوەوقازانج .

ئەو کۆمەڵگەیەی بەپێی گوزارشتی ئەدۆرنۆ ((بەتەواوەتی هەڵسووڕێنراو)) وای لە ((ئەقڵی ئامرازگەرا)) کردووە ببێ بە مەعبودەتاقانەکەی، کاتێ ئەقڵی لە بابەتەگەورەکانی بەتاڵ کردۆتەوە : هەق، خێر، جوانی، تەنیا لایەنی حەیاتی، سوودگەرایی پێداوە وەك هۆیەك بۆ بەدیهاتنی چەند مەبەستێکی دیاریکراو، کە زۆربە وردیی حیسابیان بۆکراوە، جالێرەدا هەرەباشتروخراپتر لەنێوان سوودودەسکەوت وتەکنیکە بەبێ فاکتەری مرۆیی، کە کرۆکی بابەتەکەومەبەستەکەیەتی، ئەمەش جلەوگری بەشداریکردنێکی ئاسۆییە لە پرۆسەی ملکەچپێکردن ودەستەمۆکردنی تاکەکەس بەوپێیەی زوویادرەنگ تێدەگات کە ((بەئەقڵبوون)) واتە کاروکۆشش، هەروەها گوێرایەڵی وملکەچیەتی لەنێو سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەوەیشی لە هەوڵدانی تاکەکەسی خۆدەنوێنێ بۆ رزگاریی ئابووری لە راستیدا پرۆسەی کەویکردنێکی پەنهانئامێزە مەبەستی تەواوی کۆمەڵگەیە لەو کتێبەدا هۆرکهمایەر دەنووسێ (کاتێ دکتاتۆرەکانی ئەورۆژگارەپەنا بۆئەقڵ دەبەن، مەبەستیان لەوەئەوەیە ئەوان خاوەنی زۆرترین ژمارەی زیندانەکانن، هێندەئەقلانین

بینای بکەن لەسەر ئەوانیدیکەش پێویستە بایی ئەوەندە ئەقلانی بن   ملکەچیان بن) .

تیۆری ڕەخنەگرانەی کۆمەڵایەتی مارکس وفرۆیدی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، ئەمەش ئەوکات شتێکی شۆڕشگێرانەبوو، پێکگەیشتنی دەروونشیکاریی وماتریالیزمی مێژوویی، ئەریك فرۆم بوو سەرەتا ئەو کارەی ئەنجامدا، گەرچی دوایی لەهەندێ دەرەنجامی پاشگەزبۆوە، روونە خەڵکی تەنیا کۆیلەی پێداویستی ئابووری نین، بکرێ خوێندنەوەی ژیانیان لەسەر ژمارەوپێداویستی ئابووری بێت، بەلکە لێرەدا شوناسێکی قووڵی دەروونی هەیە لە هەست ونەست وسۆز، لە فاکتەری ماددی زێتر کاراترن، دەکرێ کلیلەکانی کەسایەتی و وەبەرهێنانیان بخوێنینەوە لەبازاڕی ژیانی سەرمایەداری، لە میانەی خێزان یا گرووپ، شیکردنەوەکەش نەشونمای کەسایەتی نێرگزیانەی سوسەکرد، کە لەحاڵەتی نادروست لە کەسایەتی هۆشیاریی مرۆیی بەپێی دەروونشیکاریی وەرسووڕا بۆ حاڵەتێکی دروست، تەنانەت ئایدیالی .

لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری، پەلکێشانێکی نارەخنەگرانە بۆ شتەکان کەبەبەهێز خۆی دەنوێنێ بەلای ئەدۆرنۆ ئەوە بناخەی ئەو شەعبیەتەیە فاشیزم هەیەتی، چاویش دەخرێتەسەر رواڵەت وروخسارەبەرچاوەکان ئەمەیە حاڵی نێرگزیەت ((هەرچی رواڵەتیە بەلامەوە غەریب نییە )).

لەرووی ڕۆشنبیریەوە ئەدۆرنۆ زێدەرەخنەگر وبەدبین بووە لە رووی ئەو چارەنووسەمەرگەساتئامێزەی دووچاری ڕۆشنبیریی بۆتەوە بەهۆی تەشەنەکردنی شێوازی بەکاربردنی ئابووری وزاڵبوونی، ئیدی بەروبوومەرۆشنبیرییەکان ئەوکاڵایانەن هەن ودەستاودەستیان پێدەکرێت، هەروەك هەر کاڵایەکی دیکە، زۆر بەوردیش گوزارشت لەوەدەکات بەوەی (( نەك ئەویش کاڵایە، بگرە بەتەواوەتی کاڵانە)) لەگەڵ خۆشیا دەستەواژەی ((پیشەسازیی رۆشنبیریی)) هێنا، کە بەتەواوەتی مۆرکی کاڵایی رۆشنبیریی لە بازاڕی سەرمایەداری، کورت وپوخت دەکاتەوە، لەسیماکانیشی بڵاوکردنەوەی بەهای هاوشێوەیی و وێکچوون لە نێوان تاکەکاندا، بەمەش وەلامدانەوەی  بەرهەمهێنەری رۆشنبیریی لە چوارچیوەیەکی ئەوتۆ دەئاخنرێت لە هەرچی باوە .

واپێدەچێ ناتەبایی نێوان تیۆری ڕەخنەگرانەو فیکری پۆست مۆدێرنیزم روون وبەرچاوبێت، کرۆکیشی لەسەر بیرۆکەی خود – ە، چوون دانی پیادەنێت یەکلەدوایەك بەدانپیانانی بە چەمکی وەك ((نامۆبوون)) هەردوولاش قەوارەی مەبەست و پێکانی خود لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی فامدەکەن، ئەدۆرنۆمارکۆزە جەخت دەکەنە سەر گرنگی خود وبەرچاوروونیی ئاسۆی دواڕۆژی وتوانای ڕەتدانی ئەوکێشەی ئێستای لەگەڵ ئەو تێکشکانە میتۆدیانەی دووچاری بووە لە زەریای بەلێشاوی ژیانی بەکاربردن، کەچی پۆست مۆدێرنیزم ((لەوانە بۆردیارد)) مەرگی خود جاڕەدات بە داشۆرینی بۆ ((ئاسەواری زمان وگوتار)) ئەمەش بەهۆی پێدانی زێدەرۆڵ بە فۆرمەڵکردنی واقیع و((چ سروشتێکی ناوخۆیی یا گەوهەری داهێزراوی نییە بیەوێ لەژێر چنگی سەرمایەداری دەربچێ )) ئەمەش لە کۆمەڵگەیەك ((وێنە - الصورە))ی تیازاڵە، کە تەنیا دیمەنێك نییە بۆ سەیرکردن لەجەرگەی واقیع وگوزارشتکردن لێی، بەلکە ئەو خۆی بۆتە خودی واقیع، تاکو بەتەواوەتی دەرگا لەبەردەم هەررایەکی رەخنەگرانە لەئاست ئەوواقیعەی هەیە، گاڵەبدات، کە ئەمە ناواخن وکرۆکی کاروخواستی تیۆری رەخنەگرانەیە، بەڵێنی سەرمایەداریی بە ژیانێکی تاککەسی لێوانلێو لە بەختەوەری وگەشانەوە درۆیەکی گەورە دەرچوو، بەڵێنەکەنەهاتەدی وتەنیا کەمێکیشی بەدیهات .

بەپێی ئەو تیۆرە دەبێ کاربکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی رەوشەکە بۆ لێکترازانی وابەستەگیی نێوان ستەمی سیستەمی سەرمایەداریی ووێرانی تاکەکەسەکان، بەمەش لایەنی تۆباوی لەو تیۆرە بەرچاوبوو، شتەکان وواقیع دەکرێت لە ئایندەدا چاکتربن، بەدبینی ئەقڵیش لەهەمانکاتدا گەشبینی ئیرادەیە، لەوسوونگەوەیە پێویستی نوێبوونەوەی تیۆری رەخنەگرانە دێتەئاراوە .

---

(٭)کتێبی (( تیۆری رەخنەگرانە ... فێرگەی فرانکفۆرت))

دانەری : ئالان هاو —— وەرگێڕانی : سائر دیب